KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT - Iraq
Council Of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research
University of Sulaimani / Presidency
ffice of Vice President for Scientific Affairs and Postgraduate Studies

حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆریی فێرکردن

No:
Date:

ژمارە : ٣٣
ڕێکەوت: ٢٠ / ٤ / 2014 زایینی
2714 / / کوردی

رۆیشتوو

## بۆ بەڕێز/ فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا
## بابەت/ گشتاندن

سڵاوی زانست...

داواکارین لە بەڕێزتان ڕەزامەندیتان بەبەرزکردنەوەی نوسراوی ژمارە (20483/4) لە ڕێکەوتی (2013/9/25) کە لە هاوپێچدا ئامارەی پێکراوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ ، هەروەها گشتاندنی پێبکرێت بۆ گشت سکول / کۆلێجەکان .

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ :-
-نوسراوی ژمارە (20483/4) ڕێکەوتی (2013/9/25)

پ.ی.د.کاوە عبداللە محمد أمین
بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆریی فێرکردن
زانکۆی سلێمانی

وێنەیەك بۆ:
- دۆسییەی دەرکردە

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
المديرية العامة للاشراف وضمان النوعية
مديرية الضمان النوعي والاعتمادية

No:

ژمارە: ٤ / ٢٠٤٨٣
ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ / ٢٠١٣ ی زایینی
٣ / ٧ / ٢٧١٣ ی کوردی

بۆ گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

٢٥٦٦٥
١٢/٩/٢

ڕێنمایی

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرەکانی دڵنیایی جۆری زانکۆ حکومیەکان ژمارە (١٦) ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/١٧ تایبەت بە پێداچونەوەی ساڵانە سەبارەت بە بەرنامەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان (حکومی و تایبەتەکان) و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بڕیارماندا:

(١) ڕۆڵی بەڕێوەبەرەکان لە کردنەوەی بەشە زانستیەکاندا

- نامەی پشتگیری:
داواکاری زانکۆ بۆ کردنەوەی بەشی نوێ مامەڵەی لەسەر ناکرێت و پەسەند نابێت گەر نامەی پشتگیری و ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری ئەو زانکۆیەی لەگەڵدا هاوپێچ نەکرابێت.

- دوای داواکاری و پڕکردنەوەی فۆرم بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری لە زانکۆ سەردانی بەشە نوێیەکە دەکات بۆ دڵنیابوون لە مەرجەکانی کردنەوەی ئەو بەشە و یەک یەک خانەکانی ناو فۆرمەکە تاووتوێ دەکات لەگەڵ سەرۆکی بەشی پێشنیازکراو.

(٢) کۆرس بووک و پێداچوونەوەی هاوەڵان Peer Review

کۆرس بووک پێش ئەوەی بدرێت بە ڕێکخەری بەش و دواتر بە قوتابی، لەلایەن مامۆستایەکی هاوەڵەوە پێداچونەوە لەسەر ناوەڕۆکی کۆرسبووکە دەکات و پەسەندی دەکات و واژووی لەسەر دەکات.

(٣) بانکی پرسیار Question Bank

بانکی پرسیار بریتیە لە کۆمەڵە پرسیارێک مامۆستای وانەبێژ دەیدات بە قوتابی بەلایەنی کەم دوو هەفتە پێش دەستپێکردنی تاقیکردنەوەی کۆتایی. لەو کۆمەڵە پرسیارە مامۆستاکە چەند پرسیارێک (بۆ نموونە ٤ - ٥ پرسیار) دەهێنێتەوە. ئەم شێوازە لە ڕووی دڵنیایی جۆریەوە بە مەبەستی بەدواداچوون و زیاترتێگەیشتنی قوتابیە بۆ ئەو کۆرسەی وەری دەگرێ و لە زۆر زانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان پەیڕە و دەکرێت. لەو بەشانەی سیستمی کۆرساتیان هەیە ژمارەی پرسیارەکان لە ٤٠ پرسیار کەمتر نەبێت و لەو بەشانەی سیستمی خوێندنیان ساڵانەیە لە ٨٠ پرسیار کەمتر نەبێت.

Kurdistan Region-Erbil, Kirkuk Road
www.mhe-krg.org
E-mail: info@mhe-krg.org
هەرێمی کوردستان- هەولێر، ڕێگای کەرکوک، تەنیشت هادی چاوشلی

(٤) <u>ئامادەبوون لە وۆرکشۆپ و کۆنفرانسەکان</u>

بە مەبەستی خۆپێشخستن و بەرز ڕاگرتنی ئاستی زانست، مامۆستای زانکۆ دانەبڕدرێ لە ئامادەبوون لە ووركشۆپ و کۆنفرانسە زانستیەکان و کارئاسانییان بۆ بکرێت بۆ ئەو مەبەستە.

(٥) <u>پێداچونەوەیەک لەسەر خشتە و خاڵەکانی هەگبەی مامۆستا</u>

لەبەر ئەوەی ئەزموونی ساڵی پار لە پڕکردنەوەی هەگبەدا نایەکسانی پێوەدیاربوو، مامۆستاکان بە بەڵگەوە دەبێت چالاکیکانیان بسەلمێنن و هەگبەکانیان ئەم بابەتانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

- سی ڤی مامۆستا بە بەردەوام نوێ بکرێتەوە.
- توێژینەوەکان – تەنها هی ئەو ساڵە.
- فەلسەفە و پەیامی مامۆستا.
- کورس بووک.
- ئەندامێتی لە لیژنەکاندا.
- بڕوانامەی ئەکادیمی.
- بڕوانامەی چالاکیەکان کە لە کۆنفرانس و ووركشۆپدا بەدەستی هێناوە.
- سەرپەرشتیکردنی نامەکانی ماستەر و دکتۆرا.
- هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکان و گۆڤارەکان
- هەڵسەنگاندنی زانستی و زمانەوانی نامەکان.
- سوپاس و پێزانین.
- ئامادەبوون لە کۆنفرانس و ووركشۆپدا.
- چالاکی تر کە تایبەتمەنی هەیە بە بەشە زانستیەکە.

زانکۆ ئازادە بە دارشتنی خشتەیەک بە مەرجێک ئەو زانیاریانەی سەرەوەی تیا ڕەچاو کرابێت.

(٦) <u>پێداچونەوەیەک لەسەر خاڵە خوازراوەکانی زانستخوازی بەردەوام</u>

دوای پێداچونەوە لەسەر خاڵە خوازراوەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری / زانستخوازی بەردەوام بریاردرا خاڵەکان بەو شێوەیە بێت کە لەخشتەی خوارەوەدا هاتوە:

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی گشتی پشکنین و دڵنیایی جۆری
بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانە بەخشین

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
المديرية العامة للاشراف وضمان النوعية
مديرية الضمان النوعي والاعتمادية

## خشتەی کۆکردنەوەی خاڵە خوازراوەکانی زانستخوازی بەردەوام

| ژ | جۆری چالاکی | خاڵەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەبوون لە سیمیناری بەش / کۆلێژ | ١ | |
| ٢ | پێشکەشکردنی سیمینار لە بەش / کۆلێژ | ٣ | |
| ٣ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری ناوخۆ | ٣ | |
| ٤ | پێشکەشکردنی سیمینار پەیوەند بێت بە توێژینەوەی بڵاوکراوە (خاڵی ٣) یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی ناوەوەی وڵات | ٨ | بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە |
| ٥ | بڵاوکردنەوەی توێژینەوە لە گۆڤاری دەرەوەی وڵات | ٥ | |
| ٦ | پێشکەشکردنی سیمینار پەیوەند بێت بە توێژینەوەی بڵاوکراوە (خاڵی ٥)یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی دەرەوەی وڵات | ١٠ | بۆ هاندانی مامۆستایان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە |
| ٧ | وەدەستهێنانی پاکانەی داهێنان (براءة اختراع) | ١٢ | |
| | کۆنگرە - کۆنفرانس - ووّرکشۆپ | | |
| ٨ | ئامادەبوون لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت. |
| ٩ | بەشداربوون بە توێژینەوە لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە ناو وڵات | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک + ٥ خاڵ بۆ ڕۆژی ووتنەوەی توێژینەوەکە، بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت |
| ١٠ | بەشداربوون بە توێژینەوە لە کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی لە دەرەوەی وڵات | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک + ٧ خاڵ بۆ ڕۆژی ووتنەوەی توێژینەوەکە، بە مەرجێک لە ٥ ڕۆژ زیاتر نە بێت ، ڕۆژانی سەفەر هەژمار ناکرێت |
| ١١ | بەشداربوون لە هەر ووّرکشۆپێک لە دەرەوە یان لە ناو وڵات ( لە ١٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت جگە لە ڕۆژانی سەفەر) | ٢ | ٢ خاڵ بۆ هەر ڕۆژێک بە هەمان شێوازی سەرەوە بۆ پێشکەشکار لە ووّرکشۆپەکەدا |
| ١٢ | بەشداربوون یان بەڕێوەبردنی خولی ڕاهێنان لە ناو یان دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | بۆ هەر هەفتەیەک<br>بۆ پێشکەشکار |
| ١٣ | چاوپێکەوتن لە تەلەفزیون یان ڕادیو | ٢ | بە بەڵگەوە |
| | بڵاوکراوەی بابەتی زانستی لە ڕۆژنامەکان | ٢ | بە مەرجێ لە ٣ بڵاوکراوە زیاتر نەبێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لێژنەکان | | | |
| ١٢ | هەموو لێژنەیەک لەسەر ئاستی بەش ، سکوڵ، کۆلێژ و فاکەڵتی | ١ | ئەم لێژنانە دەبێت پاڵپشت بە فەرمان بێت |
| ١٣ | هەموو لێژنەیەک لەسەر ئاستی زانکۆ | ٢ | |
| ١٤ | هەموو لێژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەت | ٣ | |
| ١٥ | هەموو لێژنەیەک لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی تر | ٣ | |
| | لێژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسی زانستی | ٣ | |
| | | | |
| نووسینی پەرتووک و وەرگێران | | | |
| ١٦ | نووسینی پەرتووک لەسەر داوای زانکۆ | ١٢ | دەبێت فەرمانی زانکۆیی هەبێت |
| ١٧ | دانانی پەرتووکی زانستی بەبێ داوای زانکۆ ، بە مەرجی پشتگیری لێژنەی زانستی بەش | ٤ | |
| ١٨ | وەرگێران لەسەر داوای زانکۆ | ٨ | دەبێت فەرمانی زانکۆیی هەبێت |
| ١٩ | وەرگێران بەبێ داوای زانکۆ ، بە مەرجی پشتگیری لێژنەی زانستی بەش | ٤ | |
| ٢٠ | دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | |
| ٢١ | هەڵسەنگاندنی توێژینەوە ناوەوەی وڵات دەرەوەی وڵات | ١<br>٢ | |

**دکتۆر علی سعید محمد**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

وێنەیەک بۆ:
* نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی ڕاوێژکاری وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
* نووسینگەی ڕاوێژکاری وەزیر بۆ کاروباری توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی گشتی پشکنین ودڵنیایی جۆری / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی گشتی خوێندن و پلان دانان/بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی گشت زانکۆ تایبەتەکان
* بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین / لەگەڵ ڕێزدا.
* دەرچووە